# ناسێنه (هویت)

سیروان ساڵحزاده

به کورتی ئەگەر بمانهەوێت باسی ناسێنه(هویت) بکەین، ناسینه له جیاوازی درووست دەبێت، واته ناسێنه و شووناس پێش ئەوەی له لەوێکچوون(شباهت) درووست ببێت له "وێکچوون له جیاوازیەکاندا"(اشتراک افتراق) دروست دەبێت، لەبەر ئێوه ئێمه به خۆمان دەڵێین کورد که له کۆمەلێک پارامێتر دا لەتەک نەتەوەکانی که جیاوازین، واته له جیاوازی لەگەڵ ئەوان دا ئێمه وەکێک دەچین نەک ئەوەی کورد هەمووی وەکێک بچێت، که وایه بۆ دروستکردنی ناسێنه ، "قەوم/نەتەوە"کان پێویستیان بەوەیه که خۆیان لەگەڵ کەسانی تر دا جیا بکەنەوه به واته کۆمەڵناسییەکەی دەڵێن ئەویترێک دروست بکەن (غیریت سازی)، تا ئەویتر(Other) بوونی نەبێت، خوود(Self) مانای نییه، یەکەم چالاکانی ناسیۆنالیزمی کوردی وەک "شەریف پاشا" که له ئەرتەشی عوسمانی دا ئەفسەر بوو نەیانزانیوه که کوردستانین (مەبەست هەست نەکردن به شووناسێکی جیا وەک کوردبوونه)! شەریف پاشا دەڵێ که کاتێک که تورکەکان ئێمەیان وەک کورد چووک دەکردەوه و ئەزێتیان دەکردین و ناوی ناشیرینیان لێهەڵدەداین، زانیمان که ئێمه کوردین و لەوان جیاین! له دوای ئەوەی وڵاته رۆژئاواییەکان پێشکەوتنی پیشەسازییان بەخۆوه بینی و بۆ بەرەوپێشبردنی سەرمایەداری پێویستیان به کەرەستەی خاو پەیدا کرد و هەستیان کرد دەبێ هەموو جیهان بناسن، بەرەو رۆژهەڵاتی جیهان کەوتنه رێ، رۆژهەڵاتییەکانیان له پێشکەوتوویی رۆژئاواییەکان سەرمان سووڕما. لەم قۆناغه دا رۆشنبیرانی وڵاته رۆژهەلاتییەکان گەیشتنه ئەم دەرەنجامه که بۆ بەرگری کردن له خۆیان و پارێزگاری کردن له هەبوون و شووناسیان، ئەوانیش پێویستیان به دروستکردنی "دەوڵەت–نەتەوە"ی خۆیان هەیه، بۆ دروستکردنی دەوڵەت پێویسته نەتەوه هەبێت و بۆ دروستکرنی نەتەوش پێویسته هۆویەتی نەتەویی هەبێت که وایه ئەبوایه ئەم هۆویەته نەتەوییه هەرچۆنێک بێت دروست بکرێت، رۆشنبیره رۆژهەلاتییەکان زۆریان بۆ ئەم مەبەسته پەنایان بردە بەر مێژوو و تەنانەت زۆریان گەیشتنه ئەو قەناعەتەی که دوونیای رۆژهەڵات له رووی شارستانیتەوه له مێژووی کۆن دا له رۆژئاوا پێشکەوتووتر بووه و رۆژهەلاتیەکان پێویسته مێژوو و کولتووری کۆنی خۆیان زیندوو بکەنەوه تا نەکەونه ژێر کەلتووری رۆژئاواوه! زۆربەی ئەم وڵاتانەی ئیمرۆ به ناوی وڵاتانی جیهانی سێیەم دا دەیانناسین بەم جۆره دروستبوون، زۆرینەی ئەم وڵاتانەش چەند "ئەتنیکی/نەتەوەیی"ین، هەر بۆیه بۆ درووستکردنی یان بڵێین پێناسه کردنی ناسێنه له وڵاتانەدا ئەو ئەتنیکەی(قەوم) که لەم قۆناغه مێژووییه دا ئەتنیکی باڵادەست بوو بۆ پێناسەکردنی ناسێنەی خۆی له تایبەتمەندیەکانی ئەتنیکی خۆی کەڵک وەرگرت، مێژوو و زمان و کەلتووری ئەم ئەتنیکه باڵادەست بوو و وەک مێژوو و زمان کەلتووری راست و درووست ناساندرا! و هەرچی جیا لەوان بوو

به خراپ ناساندرا، ئەگەر لە مێژووی ئەم ناوچەیە دا سەرکەوتنێک هەبووە بە ناوی ئەم ئەتنیکە نووسرا ، ئەگەر بنکەوتنێک و شکستێک هەبووە هۆیەکەی ئەتنیکەکانی کە بوون! هەرچی جوان و باش بوو وەک تایبەتمەندی ئەتنیکی باڵادەست ناسێندرا هەرچی ناحەز و پیسیش بوو وەک سیفەتی ئەتنیکەکانی تر ناسێندرا، لەم بەینەدا رۆشنبیرانی ئەتنیکە بندەستەکانیش هاوکاری رۆشنبیران و دەوڵەتانی سەردەستیان کرد لە پێناو درووستکردنە ئەم ناسێنە نەتەوەییە کە لەسەر بنەماکانی قەومی سەردەست پێکهاتبوو، ئەم رەوتە بە گشتی لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەم کە فرە "ئەتنیکی/نەتەوەیی"ین پەیرەو کراوە و دەبینرێت. سەیری مەسەلەکەش لەمە دایە کە ئەرکی نووسینەوە مێژوو و زمان و... دەوڵەتەکان گرتیانە ئەستۆ و لەسەرەوە بۆ خوارەوە کاری زانستی لەسەر مێژوو و زمان وهتد کرا! کە واتا بە کەیفی دەسەڵاتداران مێژوو و هتد نووسرایەوە! بە دەستەواژەیێکی تر دەولەت بوو بە نوێنەری ئاوەز (ئەقڵ)! ئاوەزگەری (ئەقڵانیەت) کە لە رۆژئاوا لە ئەقڵی تاکەکەسی و ئەقڵی ئازادەوە یان بە واتایەکی تر لە ئەقڵانیەتی رەخنەییەوە لە قۆناغی رۆشەنگەری دا گەشەی کرد لە وڵاتە تازەپێگەیشووەکانی رۆژهەڵات ئەقڵانیەتیش وەک هەموو شتەکانی تر بوو بە حکومی و دەوڵەتی و ئەقڵانیەتی دەوڵەتی هاتە جێی ئەقڵانیەتی ئازاد و رەخنەگرانەوە و لە پرۆسەی دروستکردنی ناسێنەی نەتەویی لەم جۆرە وڵاتانەدا ئاگایانە یان نائاگایانە قەومە بندەستەکان کرانە ئەویتر و خرانە پەراوێزەوە، بەم جۆرە لەسەر هەر سێ ئاستی، کۆمەڵایەتی(کەلتووری)، رامیاری(سیاسی) و ئابووری دا ستەمی قەومی/نەتەوەیی درووست بوو، لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ناسیۆنالیزمیش ئەوەیە کە لە دۆخی کۆمەڵایەتی-مێژوویی زۆر کاری تێدەکات، بە پێێ ئەو دۆخەی هەر وڵاتێک لەم قۆناغە مێژووییە دا پێیدا تێدەپەری جۆری ناسینالیزمەکانیش تا رادەیەک جیاوا دەرهاتن و لە هەندێ وڵات ناسیۆنالیزم وەک رەگەزپەرەستی خۆی نیشان دا(بۆ نموونە دەوڵەتانی ئێراق و تورکیا) و ژینۆسایدی لێکەتەوە لە هەندێ وڵاتی تریش سیمایێکی نەرم و نیانتری بە خۆ گرت، بەڵام بە گشتی ستەمی قەومەی/نەتەوەیی لە وڵاتە "فرە قەومی/نەتەویی" یەکان دا لێکەوتەوە.